# پیاوی کورد پێویستی بە شۆڕشێکی فکری_ کولتووریە

دیسان جەنایەتێکی تر دژ بە مرۆڤایەتی و کەسایەتی مرۆڤی کورد و بەتایبەت دژ بە ژنی کورد رووی داوە. کچێکی کورد بەدەست کەس و کاری خۆیەوە بە تاوانی دڵداری و خۆشەویستی بەوپەڕی بێڕەحمییەوە بەردەباران کراوە. عارەقی شەرم بە ناوچاوانی گشتمانەوە نیشتوە،تەنانەت بە ناوچاوانی زۆر لەو پیاوە بێڕەحمانەی کە هەر رۆژ و هەرسات بە چەشنێک ژنێک دەچەوسێننەوە....

فیلمی ئەم کارەساتە ئەوەندە دڵتەزێن و لەهەمان کاتدا قێزەونە،کە ئینسان گومان لە مرۆڤایەتیش دەکات.واتە مرۆڤ کە دەتوانێ لێواولێو لە خۆشەویستی و سۆز و ئاشتی و رێز و حورمەت بێ ، لە ناکاو وەک دڕندەیەک پڕ لە نەفرەت و رق و قین و توندوتیژی دەردەکەوێ و وەک حەیوانێکی دڕندەی راوچی ، نەچیرە بێ هێز و بێ دەسەڵاتەکەی بەوپەڕی بێڕەحمییەوە لەت و پەت دەکا. ئەگەر بۆ حەیوانی دڕندە بتوانی پاساوی برسییەتی بێنیتەوە بۆ ئەم ئینسانە بێڕەحمە چ پاساوێک دەهێنیتەوە؟ ئەویش برسییە؟ یان تینووە؟ تینووی خوێن؟ تینووی ئازار؟ گڕی تەعەسوبە دەمارگرژانەکەی خۆی بە رشتنی خوێنێک فێنک دەکاتەوە؟

بەس پرسیارێکم لە پیاوانی کوردی هاو نەتەوە م هەیە.دیارە زۆرتان بەم رووداوە هەڵچوون و زۆر نیگەرانن، بەڵام بیر وەکەن چەندە لە ژیانی خۆتاندا دژ بە ژنان ، بە هەمان تەعەسوبەوە هەڵسوکەوتتان کردوە؟ خۆ مەرج نیە هەر بە هەمان شێوە ژنێکتان بەردەباران کردبێ ، ئایا ژنانتان بەر بەردی جنێو ، شەڕ ، سووکایەتی ، تۆمەت هەڵبەستن ، گومان لێکردن، دڵپیسی ، درۆ و بوختان ساز کردن ، پشتە سەر باس کردن، تەنانەت لێدان و ئازاری فیزیکی و .... هتد نەداوە؟

ئایا بەستێنی ئەم جەنایەتە هەر لەو چەشنە بیر کردنەوە نەریتییانە و لە تەعەسوب و دەمارگرژییە بێ لۆژیکەکانەتان نیە؟ تکایە پێم مەڵێن "بۆ دادە گیان هەر پیاوی کوردە تووڕەو دەمارگرژ دەبێ؟" تکایە لێمان مەبنە سەرۆک کۆماری ئێران کە لێی دەپرسن بۆ مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێوەدا ئەوەندە پێشێل دەکرێ ئەویش لە جیاتی وەڵام دەڵێ بۆ لە ئەمریکا زیندان هەیە...

تکایە پاساو بۆ هەڵەکانتان مەهێننەوە. ئەگەر رێژەی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان و کوشتن لەسەر شەرەف لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆرە ، یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەمارگرژی ئێوە پیاوانی کوردە. دەمارگرژییەک کە لە روشنبیرترین روشنبیرەکانیشتاندا هەر هەیەو بەردەوامە. دەڵێن خەتای ئێمە نیە خەتای کوولتورە؟ ئەو کولتوورە کێ بەردەوام بەرهەمی دەهێنێتەوە جگە لە سیستەمی پیاوسالار کە ژنانی کۆیلە و پیاوانی خاوەن دەسەڵات پەروەردە دەکات؟ پێم مەڵێن خەتای خۆتان ژنانە، چونکە دەسەڵات بەدەست ئێوەی پیاوەوە زەوت کراوە چ لەماڵەوە چ لە کۆمەڵگا چ لە پانتای سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ... هتد. بۆ چرکەیەک بە خۆتاندا بچنەوە. ئای چەندە حەزتان لە ژنانی جوان و شەرمن و بێ دەم و زمان و بەحەیایە. حیایەک بە پێوەری پیاوانە و لە روانگەی پیاوەوە.بە پێوەری هەمان حەیا " دوعا " بەدەست سەدان پیاوەوە پەردەباران کرا.

بۆ من جێگای پرسیارە ئەو پیاوانەی لەوێ بوون هیچیان نەیاندەتوانی بەر بەو کارەساتە بگرن؟ چۆن توانیان فیلم بگرن بەڵام نەیانتوانی داکۆکی لە " دوعا " بکەن؟ بەداخەوەم بۆ ئەوانەی بە لەزەتێکی حەیوانییەوە سەیری کوشتن و رووت کردنەوەی ئەو کچەیان کردوە و دەیکەن....بەداخەوەم بۆ هەر پیاوێکیش کە ئێستا هاوار دەکات و مەحکوومی دەکا بەڵام لە ماڵی خۆیدا بە هەمان شێوەی پێش ئەم رووداوە دڵتەزێنە، درێژە دەدات بە چەوساندنەوەی ژنانی بنەماڵەکەی.

وا نیە؟ چەن نەفەرتان دوای ئەم کارەساتە هەڵسوکەوتی خۆتان سەبارەت بە ژنان گۆڕیوە؟؟؟؟؟؟

بۆ ئەوەی " دوعا" کانمان دیسان تووشی ئەو کارەساتە نەبنەوە، بۆ ئەوەی " فادیمە" کان و " نەشمیل"ەکان، "هێشوو"ەکان و زۆر لە " بێ ناو نیشان "ەکان نەکوژرێنەوە ، بۆ ئەوەی گشت ژنان و کچانی کورد بتوانین بە سەربەستی بژین و لە گشت پانتا سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا سەرکەوتوو بین و تووشی ئازار و توندوتیژی پیاوسالاران نەبینەوە، جگە لە بزووتنەوەی ژنان پێویستمان بە شۆڕشێکی کولتووری و فکری لە ئێوە ، پیاوانی کورددایە.

چیە لە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە تووڕەن؟؟؟؟؟هەست بە دەمارگرژی دەکەن؟؟؟؟؟

**دکتۆر روئیا تلوعی**

# سەری شۆڕم وەکو پیاوێک شۆڕتر دەکەم

دوعا گیان لەبەردەم جەستەی ساردو سڕتا هەڵوێستەیەک دەکەم چونکەئەمڕۆ شایی خوێنی تۆیە....

دوعا گیان لەئاستی جەستەی بەخوێن سورکراوت سەری شۆڕم وەکو پیاوێک شۆڕتر دەکەم ، تۆی ژن بویتەقوربانی عەقڵی من ، تۆی ژن گیانت کردە قوربانی بۆ ئەوەی شەرەف و ناموسی باب و باپیرانت بکڕیتەوە، هۆ دۆعا گیان باوەڕ بکە من بە هەمو ژیانم وشەی دوعا قێزەون ترین وشە بووە، بەڵام کاتێ تۆم دی بەربەریەکانی ناو کۆمەڵگایەک کە تا سەر مۆخ کۆنەپەرەست ، ئینسان کوژ ، دڕندە ئاسا کەوتنە کەوڵ کردنی لاشە ناسکەکەت ، من هەستم بەخەجاڵەتی دەکرد ، خۆ داماڵینی ئاودامانەکەت هەر شەرەفی بابە دڕندەکەت بوو ، ئێستا پیرۆز ترین و ناسک ترین و موزیکی ترین وشە وشەی دوعا یە، دوعا گیان من شەرمەزاری دەرباری گۆڕەکەتم ، من وەک پیاوێک خۆم بە دڕندە هاتەبەرچاو ، کە دەم بینی چۆن ببویتە مەزاری خاڵی کەرەوەی ڕقی ئێمە،

ئێمەی پیاو هەمو کینەی خۆمان لەئێوەی دوعاکان دا خاڵی دەکەینەوە، ئێمەپارێزەری کولتوری باب سالارین ئێوەی ژن ناتوانن شەرەفمان لەکەدار بکەن ، شەرەفی ئێمەی پیاو خۆ ڕاگریتانەلەوەی کەنابێت بەدوای حەزەکانی خۆتانەوەبن تا مەلای گەڕەک و پیاو ماقوڵانی دەربار بڕیار نەدەن . دوعا گیان بویتە ئیلهامی دەیان و سەدان شاعیر و نوسەر ، بویتەویردی سەرزمانی سەرجەم جیهان ، خۆ دوعا گیان باوەڕت بێت ئەو کاتەی فلیمی بەردبارانەکەتم بینی تفم لە خۆم دەکرد ، فرمێسکی خەجاڵەتی و پیاوسالاریم دەڕشت ، کاتێک وێنەی چاکەتە سورەکەت لەسەر ڕۆژنامەی "بیلد"ی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، ئەو ڕۆژنامەیە زۆرترین ژمارەی لێفرۆشرا ، بەڵام چیرۆکی پاکسازی تۆی ژن سەرتاپا جەستەی ئەڵمانیەکانی تەزاند ، جیهانی خرۆشاند ، مرۆڤایەتیت هەژاند ، هۆ دوعا گیان خۆزگە ببویتایەتە پەپولەیەک و بەسەر ئەم وڵاتە ئازادەدا لەشەقەی باڵت بدایە، خۆزگە لای گۆڕەکەت بومایەو تێر تێر ماچی خۆڵی سەر گۆڕەکەتم بکردایە، خۆزگە چاکەتە سورەکەتم دەست کەوتایە بم کردایەتە ئاڵای ئازادی، نەک لەماڵەوە، بەڵکە لەبەردەم ئەو جێگایەی باس لەئازادی دەکرێت بڵند بڵند بشەکایەتەوە، دوعا گیان خۆ من هەرگیز ناگریم بەس ئەم جارە تۆم بینی وەکو جارەکانی تر نەبویت ، پرچەکانت ژاکا بون ، چاکەتە چڵکنەکەت ، سور دەچۆیەوە، پرچە خوێناویەکەت لەسەر زەوی بەبێ شانەبەدەستی دڕندەکان شانەدەکرا ، دوعا گیان باوەڕم پێ بکەهەر ئێستا لەگەڵ نوسینی ئەم خەجاڵەتی نامەیەدا دەگریم، دەهەستەوە وا خۆشەویستەکەت چاوەڕێتە، یارەکەت چاکەتەسورەکەتی پێیەو دەیشەکێنێتەوە، ئەو بەردانەی جەستەی تۆیان بێ گیان کرد، من لەهەر جێگایەک دەستم کەوێت ماچیان دەکەم چونکە خوێنی تۆی پێوەیە، ئێستا بەنرختری بەرد لەجیهان دا بەردەکانی دیواری بەرلینە، بەڵام لای من ئەو بەردانەی کە لەسەری تۆدا سوربون بەنرخترین سەرمایەی منە، دوعا گیان ئەمڕۆ شایی خوێنی تۆیە، ئێمەسەدان شاییمان بەخوێنی ئێوەکردوە.

**حەمە کەریم**

hama_karim134@yahoo.de

# زۆر ئافرەتی ترو، دیمەنی زۆر دڕندانەتر وەک دیمەنی کوشتنەکەی دوعا نەگواستریەوە بۆ ناو خەڵک تاکو کاریگەری هەبێت بۆ سەر ئەو کەمە ویژدانەی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا لەئاست ئینسان بونی ژن هەیە



ناڕەزایی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان (ڕێوان) لەبەرامبەر کوشتنی (دوعا)